# دەنگی بەرگری دژ بە فاشییەت..(گلادیس مارین)ماڵئاوایی کرد

سەلام عەبدوڵا

ئاژانسە جیهانییەکان:

سانتیاگۆ: لە تشیلی، (گلادیس مارین))ژنە سکرتێری گشتی حیزبی کۆمونیستی کە بوو بە سمبۆلی خەبات لە دژی دیکتاتۆرییەتی بینۆشیت، لە تەمەنی(63)ساڵیدا، ماڵئاوایی کر. حکومەتی تشیلی، ڕۆژی دووشەمە و سێشەمەیان، تەرخان کردووە بۆ بەخاکسپاردنی ڕەسمی ئەم هاوڕێیە.






پاش کودەتای1973،شیلی بەجێهێشت و لە هۆڵەندا، لۆکسمبۆرگ و مۆسکۆ ژیا و هاوسەرەکەی(یورکە مینۆز)لە ووتەکەی مایەوە و لە لایەنی رژیمی بینۆشیت، دەستگیرکرا و لەوانەیە کوژرابێت. مارین لە 1978 بەنهێنی گەڕایەوە شیلی تا خەباتی چەکداری لە دژی بینۆشیت ڕێکبخات. پاش ڕوخاندنی حکومەتی بینۆشیت، (مارین)ی خەباتگێڕ و دایکی دوو منداڵ، لە یەکەم کەسایەتییەکان بوو کە لە دژی بینۆشیت لەبەردەم دادگا ڕاوەستا.

ئیمڕۆ کرێکاران و چەوساوەکانی تشیلی، سەرکردە بە جەرگ و قارەمانەکەیان بە خاکسپارد....و بۆ پێشەوە!